با کارەساتەکانی 59 دووبارە نەبنەوە

کارەساتە خوێناوییەکەی ئەمڕۆی شاری کەرکوک پەڵەیەکی ڕەشی تر بە تەوێڵی تێرۆریستان و دوژمنانی گەلی کوردستان و دەستوری عێراق و ڕژێمی ئەمڕۆی عێراقەوە ، ئەو دوژمنە خوێنمژانەی کە ئاشتیی و برایەتی کورد ، تورکمان ، عەرەب و کلدوئاشوورییەکان لە کوردستاندا بە هۆی لەناوچوونی خۆیانی ئەزانن!

جەماوەری شاری کەرکوک بە هێمنییانە و بە شێوەیەکی شارستانییانە ئەیانویست و ئەیانەوێت بەشخوراویی و ئێش و ئازار و چەوسانەوەی دەیان ساڵەی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ، پێشانی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و جیهان بدەن، بەڵام دوژمنانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە هەوڵداندان کە بارودۆخی کەرکوک هەر وەک سەردەمی پێشوو بمێنێتەوە و گەلی کورد لەم شارەدا دابپچڕن لە گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا.

لەپێناوی ئەوەی کە کارەساتە خوێناوییەکانی تەموزی ساڵی 1959ی کەرکوک دووبارە و چەندبارە نەبنەوە ، ئەوا پێویستە کە:

- جەماوەری بە ئەمەکی شاری کەرکوک زیادتر هۆشیاربن و ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێکی تر یەکگرتووتر بن.
- لەمڕۆ بەدواوە ، ئەبێت ململانێی حیزبەکان نەمێنێت و ئەو بەناو ئەنجومەنی پارێزگایەی کە دوو حیزبدەسەڵاتەکە و خۆپیاداهەڵواسەرەکانیان دروستیان کردووە ، هەڵبوەشێتەوە و ئەنجومەنێکی جەماوەریی لە خەڵکانی ناحیزبیی و دڵسۆز و قوربانییدەری شارەکە دروستبکرێت و بڕیاری چارەنوسی شارەکەیان بدەن.
- دەسەڵاتدارنی کوردستان بەشی شێریان بەرئەکەوێت لە پشتگوێخستنی کێشەی کەرکوکدا ، بۆیە ئەبێت لەمەودوا هەنگاوی مەزن و ئاشکرا بنێن بۆ کوردستانیی بوونی کەرکوک و سەرجەم ناوچەکانی کوردستان کە تا ئێستا لەژێر دەستی شۆڤێنیستەکانی ڕژێمی نوێدان ، ئەگەر ئەوە نەکەن ئەوا هەر لە ئێستاوە دڵنیابن کە ئەو جەماوەرە متمانەی پێتان نەماوە.
- ئەنجامی ڕێفراندەمەکەی ساڵی 2005 یان ڕێفراندەمێکی نوێ بکرێت بە بنەمای دیارییکردنی چارەنوسی کەرکوک و چی تر گەمە بە کێشەکە و ئاوات و خواستەکانی گەلەکەمان نەکرێت.
- بە زووترین کات دادگایەکی تایبەت لە کەرکوکدا دروستبکرێت بۆ بەسزاگەیاندنی ئاژاوەگێڕان و تێرۆریستان.
- لەپێناوی گرنگییدان بە کەرکوک و جەماوەرە چەوساوەکەی ، ئەبێت دەسەڵاتدارانی کوردستان ژمارەیەک لە دامودەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکان ، تەنانەت چەند وەزارەتێکیش ، هەر نەبێت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ، بگوازنەوە بۆ ناو کەرکوک و چی تر سڵ لە دوژمنان و شۆڤێنیستەکان نەکەنەوە و گوێ لە ئاوازیان نەگرن.
- هەرچەندە مادەی 140 خاڵێکی لاوازە ، بەڵام ئەکرێت دەسەڵاتدارانی کوردستان لەم قۆناغەدا سوربن لەسەری و سنورێک بۆ سازشکردن دابنێن و بە هیچ شێوەیەک ڕازیی نەبن بە یاسا بێ سەروبەرەکانی شۆڤێنیستەکانی ناو پەرلەمانی عێراق و پێشنیارەکانی یو ئێن کە لە بەرژەوەندی گەلەکەمان نین.

ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان پشت بکەنە گەندەڵیی و ڕوو بکەنە جەماوەری گەلەکەیان و ئاوات و خواستەکانیان.

نەمریی و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کەرکوک و ڕیسوایی و سەرشۆڕیی بۆ دوژمنانی کەرکوک و کوردستان.

پارتی چەپی کوردستان

2008-07-28